کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی، گاڵتەکردن بە ئایینەکانی دیکە

شێرکۆ کرمانج

بەشی دوو

روونکردنەوەیەک: سڵاو.. ماوەی هەفتەیەکە کە میوانانی تۆڕی کۆمەڵایەتی سەرقاڵی کاردانەوەیەکی راستەوخۆی نێگەتیڤ و هەم پۆزەتیڤ بوون، سەبارەت بە چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە من تیایدا هەندێک روانینی خۆم خستۆتە ڕوو سەبارەت بە نالەباری دۆخی سیستمی پەروەردە لەسەر ئاستی دونیا و عێراق و کوردستان، لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا، کە پتر تەنگژەیەکی دروست کرد پەیوەست بەو بڕگەیەی کە تیایدا ئاماژەم بەوە کرد کە وانەکانی پەروەردەی ئایینی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بۆشاییەکی تێدایە کە لەوەدایە و دەکرێت ببێت بە مایەی خوڵقاندنی رۆحی توندوتیژی و خۆ جیاکردنەوەی مەزهەبزەدەیی و هەم رۆحی بەدکارانەی "داعش" ئاسا، کە بۆ ئەم دەربڕین و بۆچوونەش پشتم بەستبوو بە توێژینەوەیەکی ئەکادیمستانەی "دکتور شێرکۆ کرمانج" ، بەڵام کە کۆی دیدارەکەم بە جۆرێک مۆنتاج کراوە کە من بووم بە خاوەنی ئەو روانینە نەک دکتۆر شێرکۆ کرمانج کە ئەم خۆی وەک شارەزایەکی بواری سیاسەت و ئایین پێیگەیشتووە، دیارە من هاوسۆزی ئەو مەترسی و روانینەی دکتۆر شێرکۆ-م، دەنا ئاماژەم پێنەدەدا، بەڵام لەم نووسینەی کە دکتۆر خۆی بە خوایشتی خۆی حەزی کرد خاوەندارییەتی ئەم بۆچوونە بکات کە مافی خۆیەتی و رەوایە، بۆیە منیش ئامادە بووم لە ئەکاونت و پەیجی خۆمدا بڵاو بکەمەوە بۆ دەرخستنی دیوێکی شاراوەی راستییەکان بۆ میوانانی سەر خوانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و هەر بژین.

شێرزاد حەسەن

کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی، گاڵتەکردن بە ئایینەکانی دیکە

شێرکۆ کرمانج

بەشی دوو

لە بەشی پێشووتری ئەم زنجیرە وتارە ئاماژەمان بەوە کرد کە درێژە بە نیشاندانی ئەو نموونانە دەدەین لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی کە دەبنە مایەی دروستبوونی مرۆڤێکی ڕەهاگەرا و تاکڕەو بەڕادەیەک کە داعشئاسا دەرچێت (تکایە بۆ پێناسەی داعشیزم و ئیسلامیزم تەماشای بەشی یەکەم بکە کە لەژێر ناونیشانی " من بووم نەک شێرزاد حەسەن" بڵاوبۆتەوە). لەوێدا سەرنجی ئێوەمان بۆ بابەتێک لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی ڕاکێشا کە تاکە ڕێگە لە پێش کرستیانەکان مابێتەوە، ئەوە ملکەچکردن، سەرانەدان، یان ملپەڕاندنە. لەم بەشە بە چەند نموونەیەک نیشانی دەدەین کە منداڵان و خوێندکارانی کوردستان لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە جیاتی قەبوڵکردنی فرەیی و ڕێزگرتن فێری بێنرخکردنی ئایینەکانی دیکە دەکرێن.

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی نەک هیچ ڕێزێک بۆ ئایینەکانی دیکە ناهێڵێتەوە بگرە دەکرێت بڵێین کە جێگەیەکی بۆ ئایینەکانی دیکە نەهێشتۆتەوە. لە لاپەڕە ٥٢ ی چاپی ٢٠١١ دا، لە دەقێکی کتێبەکەدا هاتوە کە "ئیسلام ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە بۆ مرۆڤایەتی ناردووە و ڕازی نابێت کە ئاینێکی دیکە بێجگە لە ئیسلام هەڵبژێرێت." بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تێگەیشتنەش، لە کتێبەکە ئایەتێکی قورئان خراوەتەڕوو کە دەڵێت "إن الدين عند الله الإسلام"، واتە "ئاین لەلای خودا تەنها ئیسلامە." ئەم دەقە ڕێک بە منداڵان و خوێندکاران دەڵێت کە نابێت هیچ ئایینێکی دیکە بوونی هەبێت یان پەیڕەوبکەیت، خۆ ئەگەر ئایینێکی دیکەت هەڵبژارد ئەوە لە ڕێ لادەری چونکە بە فەرمانی خودات نەکردوە .

ئێمە لێرە تەفسیری ئایەتەکە ناکەین چونکە کتێبەکە ئەم کارەی کردوە، لە ڕاستیدا ئیشی من تەفسیرکردنیش نیە بەڵکو شرۆڤەی ناوەڕۆکی ئەو دەقانەیە کە لە کتێبەکەدا هاتوە کە لەم دەقەدا هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێت بێجگە لەوەی کە خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات .

دیارە لە هەمان کتێبدا باس لە لێبوردەیی ئایینی ئیسلامیش کراوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تێگەیشتنەش ئەو ئایەتە قورئانییە هێنراوەتەوە کە دەڵێت "لا إكراه في الدين"، واتە "زۆرکردن لە ئاییندا نیە". بەڵام پێش ئەوەی ئەو قسەیە بکات، کتێبەکە لە هەمان لاپەڕە، واتە ٨١، دەڵێت لە ڕوانگەی قورئانەوە کتێبە ئاسمانییەکانی ئایینەکانی دیکە "هەندێکیان دواتر دەستکاری کراون"، واتە بەلاڕێدا براون. ئەمەش بنکۆڵکردن و بێنرخکردنی ئایینەکانی دیکەیە نەک ناساندن و ڕێزگرتن.

لە لاپەڕە (١٠ و ٦٢) ی هەمان کتێبدا نوسراوە "دەبێت موسڵمان باوەڕی وا بێت کە پێغەمبەر (محمد) دوا پێغەمبەرە و هەموو مرۆڤایەتی شوێن ڕێبازەکەی بکەون". بەپێی ئەم دەقەی کتێبەکە بێت هەموو ئەو ئایینانەی کە دوای مردنی پێغەمبەری موسڵمانان پەیدابوون، وەک بەهایی و سیغ، دەبێت وەک ئایین قەبوڵنەکرێن. بەهەمانشێوە، نەک هەر پەیڕەوانی ئەو ئایینانەی دوای ئیسلام هاتوون بەڵکو ئەوانی پێش ئیسلامیش هاتوون دەبێت بێنە سەر ئایینی ئیسلام چونکە دەقەکە زەق زەق دەڵێت دەبێت هەموو مرۆڤایەتی شوێن ڕێبازی پێغەمبەری موسڵمانان بکەون.

کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی دوازدە، چاپی ٢٠١١، بەشی کۆتایی تەرخانکراوە بۆ ئاییناسی، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی ئایینەکانی دیکە بە خوێندکارانی کوردستان بناسێنێت چەند مەبەستێکی دیکە بەدیدەکرێن، کە لێرە ناکرێت قسە لەسەر هەموویان بکەین بەڵام ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین .

بەشی ئایناسی تەرخانکراوە بۆ بەرزگەرایی (ئیستیعلای) ئیسلام وەک ئایین بەسەر ئایینەکانی دیکەدا، واتە ئیسلام وەک ئایینێک کە لە سەروی هەموو ئایینەکانی دیکەوەیە نیشاندراوە. ئەمەش بە چەندین شێوە کراوە، لەوانە: گاڵتەکردن، کەمکردنەوە یان بچوکردنەوەی ئایینەکانی دیکە .

بەشێک لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی دوازدە تەخانکراوە بۆ "ناساندنی" ئایینی هیندۆس. لە لاپەڕە ١١٧، چاپی ٢٠١١ ی دا، نوسراوە: "ئاینی هندۆسی تێکەڵەیەک لە یەکتا پەرستی و فرەخواوەندێتی و پەرستنی هەندێک دیاردەی سروشتی، سەرەڕای کۆمەڵێک بنەماو بەهای فەلسەفی و رۆحی جوان، چەندەها ئەفسانە و جادو و بۆچوونی سەرەتایی تێدایە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشێک لە شوێنکەوتووانی بەجێهێشتووە، لە نەریتە نەرێنییەکانی ئەم ئاینە، جگە لەو سیستمە چینایەتییە توندو تیژی و زوو بەشودان و ژن هێنانە، کە هەندێک جار لە تەمەنی (١٠)ساڵیدا ئەم کارە دەکەن و ئەگەر مێردی یەکێک لەو ئافرەتانەش مرد، بۆی نیە تا مردن شو بکاتەوەو دەبێت بەدەم خەفەت خواردن بۆ هاوسەرەکەیەوە ژیان بەرێتە سەر ".

پێش هەموو شتێک ئەمە ئایینناسی نیە چونکە ناوبردنی ئایین بە ئەفسانە و وەهم و جادو (کە لە لاپەڕە ١١٠ دووبارەکراوەتەوە) کەمکردنەوە و گاڵتەپێکردنی ئایینە. ئەوەی جێگەی سەرەنجە، لەم دەقە ڕەخنە لە هیندۆسەکان گیراوە بەوەی کە منداڵان/کچان لە تەمەنی دە ساڵیدا بە مێرد دەدەن. ئەمە لە کاتێکدا کراوە کە موسڵمانان بەخۆیان ئەم جۆرە کارانەیان پەیڕەوکردوە. بۆنمونە، پێغەمبەری موسڵمانان عایشەی لەو تەمەنەدا هێناوە و دواتریش قەدەغەکراوە لە شوکردنەوە. لێرە قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نیە کە بۆ هیندۆسەکان یان پێغەمبەری موسڵمانان ئەم کارەی کردوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ کارێک کە موسڵمانان پراکتیزی بکەن و ڕەوا بێت دەبێت وەک خاڵێکی نەرێنیی لە ئایینەکانی دیکەدا تەماشابکرێت، ئەوە ئەگەر مەبەست لەم ئاماژەپێدانە لەکەدارکردنی ئایینی هیندۆسی نەبێت .

هەر لە پەیوەند بە پرسی ئایناسی شتێکی دیکەی زۆر سەرنجڕاکێش لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی کە بۆ ئایناسی تەخانکراون بەدیدەکرێت ئەویش ئەوەیە کە کتێبەکان زۆر کەم تەرخانکراون بۆ ئەو ئایین و مەزهەبانەی کە لە کوردستان بوونیان هەیە یان ئەوانەی لەگەڵ موسڵمانە کوردەکان لەم ناوچەیەدا دەژین. مەبەستم ئەو بەشەی ئایناسی کە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ئایینەکانی دیکە بە منداڵە موسڵمانەکان پێش هەموو ئایینێک دەبوایە باس لە ئایینی ئێزیدی و کرستیان و مەزهەبی شیعە بکەن، کەچی ئەو ئایین و مەزهەبانە لە چاپەکانی ٢٠١١ هەر باس نەکراون. لەجیاتی ئەمانە باس لە ئایینی بوزیی و کۆنفۆشیان کراوە. دیارە باسکردنی ئەم دوو ئایینە گرنگی خۆی هەیە بەڵام واچاکبوو خوێندکارانی کوردستان بە ئایینی ئێزیدی و کرستیانی و مەزهەبی شیعیی ئاشناکرابان چونکە ئەو کێشەو گرژیانەی کە ئێستا لە کوردستان و عێراق لەنێوان ئایینەکان دا هەن بەگشتی لەنێوان موسڵمانان و ئێزیدییەکان، موسڵمانان و کرستیانەکان لەگەڵ سوننەکان و شیعەکاندا هەیە. چاپی ٢٠١٥ ی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی باس لە ئایینی ئیزیدی و جولەکە دەکەن بەڵام ئەمجارە ئایینەکانی دیکە، کرستیان و هیندۆس و کۆنفۆشی، باس نەکراون.

چاپی ٢٠١٥ ی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی یازدەم بەشێکی تەرخانکردوە بۆ ئایینی جولەکە بەڵام دەقەکان نەک هەر لە دیدێکی ئاییناسی نەنوسراون بگرە دیدی ئیسلام بۆ ئایینی جولەکە خراوەتەڕوو. بۆنمونە کاتێک باس لە چیرۆکەکانی جولەکەکان و پێغەمبەرەکانیان دەکات، ئەوە ئەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە کە لە قورئاندا هاتوون (تەماشای لاپەڕە ٨٤ بکە)، نەک ئەوانەی تەورات. لەمەش سەرنجڕاکێشتر، سەرەڕای ئەوەی کە تەورات وەک کتێبی پیرۆزی جولەکەکان دەناسێنێت و دەڵێت "بە گوێرەی باوەڕی ئێمەی موسڵمانان [تەورات] لە بنەڕەتدا پەیامی خودایە و لە ئاسمانەوە بۆ موسا" نێردراوە بەڵام دواتر دەڵێت "لە کاتی وێرانکردنی پەیکەرەکەدا [کە پێدەچێت مەبەستی ڕوخاندنی پەرستگای یەکەمی جولەکەکان بێت] لە سەردەمی هێرشی پادشای بابلی (بەختی نەسردا) ون بوون و سەر لەنوێ نوسرایەوە و بەوەش وەکو خۆی نەما و شتی دیکەی تێکەڵ بوو. تاکە یەک پرسیاریش لە کۆتایی ئەم بەشە خراوەتەپێش خوێندکاران ئەویش بۆ زەقکردنەوەی بانگەشەی دەستکاریکردنی تەوراتە لەلایەن جولەکەکانەوە.

بەکورتی، کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی وەک داعش و داعشئاساکان گاڵتە بە ئایینەکانی دیکە دەکەن و بە لەڕێ لادەر و دەستکاری کراویان لە قەڵەم دەدەن. هاوکات، وەک داعشییەکان ڕێگە بە پەیڕەوکردنی ئایینەکانی دیکە نادەن. دیارە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە زۆر شوێنی دیکە باس لە قەبوڵکردنی ئایینەکانی دیکە دەکەن بەڵام دژایەتییەکی زۆر لەنێو دەقەکاندا بەدی دەکرێت، بەوەی لە شوێنێک باس لە فرەیی دەکرێت لە دوای ئەو دەڵێت بێجگە لە ئیسلام هیچ ئایینێکی دیکە قەبوڵ ناکرێت و مرۆڤایەتی هەمووی دەبێت پەیڕەو لە ڕێبازی ئیسلام بکات. بۆیە دەکرێت بڵێین کە بەگوێرەی ئەو نمونانەی کە لێرەدا خرانەڕوو کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی مرۆڤی داعشئاسا بەرهەم دێنن، مرۆڤێک کە فرەیی ڕەتبکاتەوە و پێداگری لە تاکڕەوی و تاکئایینی بکات.

هاتۆتە دەرەوەو لەگەڵ ئەودا یەك شتە، بۆیە رۆحی مرۆڤە رزگاربووەکان لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەودا یەك دەگرنەوە.

گەورەترین ئاواتی مرۆڤی هندۆسی گەیشتنە بەم پلەیە، کە ئاسان نیە، چونکە رێگەی ئەم وازهێنانە لە سەرجەم خۆشییەکانی دنیاو ئازاردانی جەستەو بەرگەگرتنی جۆرەها بێ بەشیو ناڕەحەتی، ئەمەش وا دەکات هندۆسی هەست بە خەفەت و پەژارەو نائومێدیو رەشبینی بکاتو زۆر لە مردن بترسێت لە ترسی لەدایك بوونەوەی دووبارەو چوونە لاشەی مرۆڤێکی خراپەکار یاخود گیانلەبەرێك.

**پوختەی مەبەست:** بە گشتی ئاینی هندۆسی تێکەڵەیەك لە یەکتا پەرستیو فرەخواوەندێتیو پەرستنی هەندێك دیاردەی سروشتی، سەرەڕای کۆمەڵێك بنەماو بەهای فەلسەفی و رۆحی جوان، چەندەها ئەفسانەو جادوو بۆچوونی سەرەتایی تێدایە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشێك لە شوێنکەوتووانی بەجێهێشتووە، لە نەریتە نەرێنییەکانی ئەم ئاینە، جگە لەوسیستەمە چینایەتییە توندو تیژیو زوو بەشودانو ژن هێنانە، کە هەندێك جار لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا ئەم کارە دەکەنو ئەگەر مێردی یەکێك لەو ئافرەتانەش مرد، بۆی نیە تا مردن شو بکاتەوەو دەبێت بەدەم خەفەت خواردن بۆ هاوسەرەکەیەوە ژیان بەرێتە سەر، هەندێکیشیان لەگەڵ سوتاندنی لاشەی مێردەکانیان دوای مردن، وەك نەریتێکی ئاینەکە، خۆ فڕێ دەدەنە ناو ئاگرەکەو ئەوانیش دەسوتێن، دیارە زانستو تەکنۆلۆژیای نوێ لە ئێستادا کاری خۆی کردووەو بۆچوونی زۆر کەسیانی دەربارەی ژیان گۆڕیوە.

**پرسیار:**

- بە بۆچوونی ئاینی هندۆسی سەرەتای دەست پێکردنی بوون چۆنە؟
- هۆی رەشبینیو ترس لە مردن لە لای هندۆسییەکان چییە؟

**گفتوگۆ:**

**لە ئاینی هندۆسی سیستمێکی چینایەتی توند هەیە، بەراوردێك لە نێوان ئەم سیستەمەو یەکسانی مرۆڤەکان لە رۆانگەی ئیسلامەوە بکە.**

سەر ئاینەکەیان، فیرعەونیش پێشنیارەکەی پەسەند کرد . بەم جۆرە عیبریەکان وردە وردە لە بیروباوەڕی یەکتا پەرستی، کە لە حەزرەتی ئیبراهیمەوە وەریان گرتبوو لایاندا و، جۆرەها ڕوالەتی فرەخودایی و بتپەرستیان تێکەڵ کرد، بەڵام سەرەڕای ئەوە زۆر تێکەڵ میسرییەکان نەدەبوون و بەردەوامیش ژمارەیان زیادی دەکرد، بۆیە فیرعەون لە سەر ڕاوێژی پیاوە ئاینیەکان بڕیاری دا هەموو منداڵێکی کوڕیان دوای لەدایک بوون لە ناو ببرێت و کچەکانیشیان شوو بە میسرییەکان بکەن و بەم جۆرە لە ناو میسرییەکاندا بتوێنرێنەوە.

## لە دایک بوونی موسا

لەم کاتەدا موسا پێغەمبەر(دخ) لە دایک بوو، دایکی توانی سێ مانگ لە چاوی پیاوەکانی فیرعەون بیشارێتەوە دواتر لەلایەن خوداوە سروشی بۆ کرا منداڵەکەی بخاتە سندوقێکەوە و بیدا بەدەم ڕوباری نیلەوە و کاری بەسەریەوە نەبێت((إِذْ أَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّكَ مَا يُوحَى ۝ أَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّابُوتِ فَاقْذِفِيهِ فِي الْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ الْيَمُّ بِالسَّاحِلِ... ۝)) (طه ٣٨-٣٩)، موسا پێغەمبەری خودا ڕزگارکەری بەنی ئیسرائیل لە نزیک کۆشک و سەرای فیرعەون گیرسایەوە. هاوسەری فیرعەون بینی و چوو بە دڵیدا و توانی مێردەکەی قایل بکات نەیکوژێت، هیواشی خواست عیبری نەبێت وگەورەی بکات و ببێتە ڕوناکی چاوی، بەم جۆرە ژیانی حەزرەتی موسا(دخ) دەستی پێ کرد و لەناو کۆشکی فیرعەوندا گەورە بوو، ڕۆژێک موسا یەکێک لەو میسریانەی بینی، کە بۆ چاودێری کۆیلە عیبریەکان دانرابوو، زۆر بە دڵڕەقی لە دوو کۆیلەی عیبری دەدا، ئەویش خۆی پێ نەگیراو لە میسرییەکەی داو ئەویش لە ئەنجامدا مرد، دواتر کارەکە ئاشکرابوو حەزرەتی موسا(دخ) ئەو ناوچەیەی بەجێ هێشت بە مەبەستی دەرچوون لە میسر، گەیشتە بیابانی مەدیەن لە دەوروبەری کەنداوی عەقەبە، لەوێ لە ماڵی ( شوعەیب) پێغەمبەر(دخ) ماوەی (٨) ساڵ مایەوە و یەکێک لە کچەکانی ئەویشی کرد بە هاوسەری خۆی، لە شەوێکی ساردی ئەڕو توشدا موسا(دخ) لەلایەن خودای پەروەردگارەوە ئاگادار کرایەوە کە ئەوی بە پێغەمبەر هەڵبژاردووە، بۆ دڵنیابوونیشی هەر ئەو شەوە چەند موعجیزەیەکی نیشاندا.

خودای گەورە فرمانی بە موسا کرد بچێت بۆلای فیرعەون و بانگی بکات بۆ بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، ئەویش داوای کرد ( هارون) ی برای لە گەڵدا بێت و پشتی بگرێت، موسا ڕۆیشت بۆلای فیرعەون و داوای ڕزگار کردنی گەلەکەی کرد لە کۆیلایەتی و ئازادکردنیان لە پەرستنی ئەو خودایەی باوەڕیان پێیەتی، فیرعەون گوتی خوداکەت کێیە ؟ ((قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَى )) (طه ٤٩) ئەویش وڵامی دایەوە: (خودای جیهانیانە)(( وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ )) ( الاعراف ١٠٤)، ئەویش گوتی: من ناوی خوداوەندی لەو جۆرەم نەبیستووە، من خوداوەندی هەموو خوداوەندەکانم لەبەر ئەوە ڕێگە بە ڕۆیشتن و ئازادبوونی (بەنی ئیسرائیل) نادەمو دەبێت وەکو کۆیلەی من و گەلەکەم بمێننەوە.

دەبێت موسڵمان باوەڕی وابێت کەپێغەمبەر (محمد) دوا پێغەمبەرەو پێویستە هەموو مرۆڤایەتی شوێن ڕێبازەکەی بکەون.

**بنچینەی دووەم - نوێژ کردن.**

هۆکارێکی پەیوەندییە لەنێوان بەندەو خودای گەورەدا، لەشەوو ڕۆژێکدا پێنج جار ئەنجام دەدرێت، کە هەریەکەیان کاتی تایبەتی خۆی هەیەو ژمارەی ڕکاتەکانی جیاوازن. مرۆڤ تیایدا بەملکەچی بەرەو قیبلە دەوەستێت و نوێژەکانی ئەنجام دەدات. خودا دەفەرموێت ((وَأَقِيمُواْ الصَّلَاةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ))(البقرة٤٣).

لەحیکمەتەکانی نوێژ ئەوەیە کەمرۆڤی لاوازو هەژار پەیوەست دەکات بەخودایەکی بەهێزو خاوەن تواناو دەوڵەمەند، لەچەند کاتێکی تایبەتدا لەسەرقاڵییەکانی دونیا ڕزگاری دەکات و خودای بیر دەخاتەوەو لە چەند کاتێکی دیاری کراودا ڕوو لە خودای بەسۆزو بەزەیی دەکات کە لە تاوانەکانی ببورێت و پشتیوانی لێ بکات بۆ سەرکەوتن لەژیاندا.

(الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ۝ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ۝ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ۝ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ۝) (الفاتحة ٢– ٥).

**واتە:** سوپاس بۆخودای هەموو جیهان، بەسۆزو بەزەییە، پاشای ڕۆژی دواییە ،تەنها تۆدەپەرستین و تەنها پشت بەتۆ دەبەستین.

نوێژ پەیوەندییە بەخودای گەورەو زیندوو بەهێزو ڕاستگۆوە ،دڵ هێزی لێ وەردەگرێت و دەروون پێی ئارام دەبێت و گیانیش دڵ خۆش وشاد دەبێت پێی، پێغەمبەری خودا (دخ) کاتێك توشی ناخۆشیەك ببوایە یان هەستی بەنیگەرانییەك بکردایە دەیفەرموو (هەستە بیلال بەنوێژ ئاسوودەمان بکە)واتە: بانگ بدە بۆ نوێژ. هەروەها لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت:( لەدونیادا سێ شت زۆر لام خۆشەویستن ژن وبۆنی خۆش، بەڵام خۆشترین شت بەلاشمەوە نوێژکردنە).

لەوخۆشترین شتە مەبەستی ئەوەبوو کە سەرچاوەی هەموو خۆشی وئارامی وهێمنی وجوانیەك تەنها لە نوێژدایە وە مەبەستیش لە خۆشەویستی ژن ڕێزلێگرتنە.

نوێژی ڕاست و تەواو کە بە لە خودا ترسانەوە بکرێت ئارامی وخۆشبەختی دەهێنێت بۆدەروونی خاوەنەکەی و هەست بەپشتوانی خوای گەورە دەکات وژیان بەجوانی

ئاینەکانی پێشو نەبوایە بەهۆی بتێکەوە یان کەسێکەوە بگەشتایا بە خودا، لەبەر ئەوەی ئیسلام بانگەشەی بۆ ئازادی مرۆڤ دەکردو هەمووی بەیەک چاو سەیر دەکردو کەسی بەگەورەتر نەدەزانی. لەبەر ئەوە ستەمکارو دەرەبەگو خاوەن بەرژەوەندیە جۆر بەجۆرەکان دژایەتیان دەکرد، هەتا گەیشتە شەڕو کوشتار، هەر بەهۆی بەرگری کردنی پێغەمبەری خوداو پەیامەکەی لەخەڵکی چەوساوەو هەژارو نەدارو کۆیلەکان، ناچاریان کرد کە خۆشەویسترین نیشتیمانی خۆی کە(مەککە) بوو بەجێ بهێڵێتو لە دوای هەشت ڕۆژ بە ڕۆیشتن بە بیابانو کەژو کێوەکاندا لە ١٦ڕەبیعی یەکەم واتە٢٠ /٦٢٢/١١ ز گەیشتە شاری مەدینە، ئەمەش ناو دەبرێت بە (کۆچ) کە ئەمەش ڕوداوێکی گەورەیە لە مێژووی ئیسلامدا، چونکە بە سەرەتای پتەوبوونو ڕەگ داکوتانی ئیسلام دادەنرێتو لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابیشدا ئەم ڕۆژە کرایە سەرەتای ساڵی کۆچی بۆ موسوڵمانان.

## پ - پێناسەی ئیسلام:

ئیسلام واتە ملکەچ بوونە بۆخودای گەورە و پەرستنیەتی بەتاک و تەنها بەجێ هێنانی فەرمانەکانیەتی وبڕیارنەدانی هاوەڵە بۆی و وازهێنانە لەوشتانەی کەڕێگەی لێ گرتووە. ئیسلام ئەو ئاینەیە کەخوای گەورە بۆمرۆڤایەتی ناردووە و ڕازی نابێت کەئاینێکی دیکە بێجگە لە ئیسلام هەڵبژێرێت وەك دەفەرموێت ((إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ)) (آل عمران ١٩) . واتە: ئاین لەلای خودا تەنها ئیسلامە.

## ئیسلام بەمانا تایبەتیەکەی

ئاستی تێگەیشتنی گەلان بە درێژایی مێژوو لەگۆڕاندا بووە، لەبەر ئەوەی هەتا مرۆڤایەتی بەرەو سەرەوە هاتبێت ئاستی زانست وزانیاری پێشکەوتوەو لەگەڵیدا مرۆڤیش بەرەو پێش کەوتن هەنگاوی ناوە، لەبەر ئەوە خودای گەورەش بۆهەر زەمان وژینگەیەك پێغەمبەرێکی ناردووە، کاتەکەشی بۆدیاری کردووە، لەبەر ئەوە خودای گەورە زانابووە بەوەی کەئەم سەردەمەی ئێمە سەردەمی زانست وپێشکەوتنو تەکنەلۆژیا دەبێت، لەبەر ئەوە ئاینێکی ناردووە کەلە هەموو ڕووەکانەوە تەواوبێتو موعجیزەی ئەم ئاینەش قورئانو زانستەو یەکەم ئایەتیشی بە ووشەی (اقرا) واتە بخوێنە دەست پێدەکات.